# موقع منطقة حميمة في الدعوة العباسية

إسماعيل خالاند ناخوش (القمرياني)

Ishmael.nawkhosh@soran.edu.iq

جامعة سوران / قسم العلوم الاجتماعية

صلاح أحمد عثمان

Salah.Osman@soran.edu.iq

جامعة سوران / قسم العلوم الاجتماعية

**الكلمات المفتاحية**: حمايمة، شورش، العباسيون، الأمويون.

**كيفية اقتباس البحث**

القمرياني , إسماعيل خالاند ناخوش , عثمان , صلاح أحمد , موقع منطقة حميمة في الدعوة العباسية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

# The position of the Hamima region in the Abbasid call

**Ismail Khaland Naxosh (Qamaryani)**

**Ishmael.nawkhosh@soran.edu.iq**

**Soran University/ Department of Social Sciences**

**Salah Ahmed Osman**

**Salah.Osman@soran.edu.iq**

**Soran University/ Department of Social Sciences**

**Keywords** : Hamima, Shorsh, Abbasid, Umayyad

**How To Cite This Article**
Qamaryani , Ismail Khaland Naxosh , Osman , Salah Ahmed , The position of the Hamima region in the Abbasid call ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**summary**
The Abbasid Revolution is one of the most important events in Islamic history. The transfer of power from the Umayyad Caliphate was not an easy and unplanned task for the Abbasids It opened up more opportunities for non-Arab Muslims (mawalis) to manifest themselves in these areas.
We have not seen any research that shows the position of Hamima as a geopolitical region during the Abbasid call. Therefore, we try to answer the questions about the importance of Hamima for the Abbasid call. Why did the Abbasids consider Hamima a suitable place to stay? Why didn't

the Abbasids make other places the headquarters of the revolution to stay there? Several other questions were asked by us researchers.
Our research consists of an introduction, two discussions and a number of conclusions. In the beginning we will discuss the geographical location of Hamima. The first discussion is about the political position of Hamima during the Abbasid call How the instructions were sent to other places, in the second chapter we will discuss the economic and religious position of Hamima and finally we reached some conclusions from our research.
In our research, we have used narrative and analysis methods in order to tell and analyze events to reach the truth of events. In this research, we have used a number of sources for our research.

**ملخص**

تُعدّ الثورة العباسية من أهم الأحداث في التاريخ الإسلامي. لم يكن انتقال السلطة من الخلافة الأموية مهمة سهلة أو غير مُخطط لها بالنسبة للعباسيين، بل فتح آفاقًا أوسع أمام المسلمين غير العرب (الموالي) للظهور في هذه المناطق.لم نجد أي دراسة تُبيّن موقع حميمة كمنطقة جيوسياسية خلال الدعوة العباسية. لذلك، نحاول الإجابة عن تساؤلات حول أهمية حميمة في هذه الدعوة. لماذا اعتبر العباسيون حميمة مكانًا مناسبًا للاستقرار؟ ولماذا لم يتخذوا من أماكن أخرى مقرًا للثورة؟ وقد طرحنا نحن الباحثين العديد من التساؤلات الأخرى.... يتألف بحثنا من مقدمة، ومناقشتين، وعدد من الاستنتاجات. سنتناول في البداية الموقع الجغرافي لحميمة. تتناول المناقشة الأولى الوضع السياسي لحميمة خلال العصر العباسي، وكيفية إرسال التعليمات إلى أماكن أخرى. في الفصل الثاني، سنناقش الوضع الاقتصادي والديني لحميمة. وأخيرًا، نتوصل إلى بعض الاستنتاجات من بحثنا.استخدمنا في بحثنا أساليب السرد والتحليل لسرد الأحداث وتحليلها، سعيًا للوصول إلى حقيقتها. وقد اعتمدنا في هذا البحث على مصادر متعددة.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# پێگەی ناوچەی حەمیمە لە بانگەوازی عەباسی

اسماعیل خالند ناخۆش(قەمەریانی)

زانکۆی سۆران/ بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان

Ismael.nawkhosh@soran.edu.iq

صلاح احمد عثمان

Salah.Osman@soran.edu.iq

زانکۆی سۆران/ بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان

پوختە

شۆرشی عەباسی یەکێکە لە ڕووداوە گرنگەکان، لە مێژووی ئیسلامیدا، گواستنەوەی دەسەڵات لە خەلافەتی ئەمەوی، بۆ عەباسیەکان کارێکی ئاسان و بێ بەرنامە دارێژی نەبوو، ئەم ڕووداوە بە شۆرشێکی سەرەتاپاگیری ناو ڕووداوە مێژوویەکانی خەلافەتی ئیسلامی ئەژمار دەکرێت، ئەو شۆرشە، گۆرانکاری ریشەیی لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی دورستکرد، لە هەموو بوارەکان بە گشتی، بە تایبەتی لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوری، بەمەش دەرفەتی زیاتری لە بەردەم موسڵمانە (مەوالی) نا عەرەبەکان کردەوە تا لەو بوارانەدا خۆیان نیشانبدەن.

توێژینەوەی وامان بەرچاو نەکەتیە بەو ناونیشانەی بێ، کەوا پێگەی حەمیمە وەك ناوچەیەکی جیۆسیاسی لە کاتی بانگەوازی عەبباسی بە دیاربخات، بۆیە ئێمەی توێژەر هەوڵدەدەین کەوا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، کەوا گرنگی حەمیمە بۆ بانگەوازی عەباس لە چیدابووە؟ عەباسیەکان بۆ حەمیمەیان بە شوێنێکی گونجاو دەزانی بۆ ئەوەی لەوێ بمیننەوە؟ بۆ عەبباسیەکان شوێنەکانی دیکەیان نە دەکردە بارەگای سەرەکی شۆرش کەوا لەوێ بمیننەوە؟ چەندین پرسیاری دیکە لە لای ئێمەی توێژەر جێگای پرسیار بوون.

تویژینەوەکەمان پێکهاتووە لە دەستپێک و دوو باس و کۆمەڵێک دەرئەنجام، لە دەستپێک باسی شوێنی حەمیمە لەرووی جوگرافیایەوە دەکەین، باسی یەکەم تایبەت کراوە بە پێگەی سیاسی حەمیمە لە کاتی بانگەوازی عەبباسیدا، لە سەرەتای کەمێک بە پێویستمان زانی بە کورتی باسی گرنگی شوێن بکەین لە ئاڕاستەکردنی ڕووداوە مێژوییەکان و کاریگەری شوێن، هەروەها باسی پێگەی حەمیمە کراوە لە هەردوو قۆناغی بانگەوازی عەباسی کەوا لە وێ چۆن رێنمایەکان بۆ شوێنەکانی دیکە دەناردران، لە باسی دووەم باسی پێگەی حەمیمە دەکەین لە ڕووی ئابوری و ئاینی هەروەها لە کۆتایدا گەیشتین بە کۆمەلێک دەرئەنجام لە توێژینەوەکەمان.

لە توێژینەوەکەمان میتودی گێرانەوە و شیکردنەوەمان بەکارهیناوە بۆ ئەوەی بتوانین ڕووداوەکان بگێرینەوە و شیان بکەینەوە تا بگەینە راستی ڕووداوەکان، لەم توێژینەوەیەش سودمان لە کۆمەڵێک سەرچاوی وەرگرتیە بۆ توێژینەوەکەمان.

**وشە کلیلیەکان: حەمیمە، شۆرش، عەباسی، ئومەوی.**

پێشەکی

دروستبوونی دەوڵەتی(خەلافەتی) عەبباسی بە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی ناو مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی ئەژمار دەکرێت، لە ڕێرەوی گەشەسەندنی ئیسلامیدا، گۆرانکاری بە شێوەیەکی ریشەیی کۆمەڵگەی ئیسلامی مۆرکێکی قووڵی لە هەموو بوارەکان بە گشتی، بەتایبەتی لایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و ئابوریەکانی ژیاندا بەجێهێشت، ڕێگەی زیاتر لە بەردەم مەوالیەکان کردەوە تا لەو بوارانەدا خۆیان نیشانبدەن.

مێژوونوسان هەوڵیانداوە نهێنی و شاراوەکانی ئەو گۆڕانە بدۆزنەوە و ڕاڤەیان بکەن، بەوەی شۆرشی عەباسی ئامادەکاری زۆری بۆکراوە لە هەموو بوارەکان تا بە ئامانجی خۆی بگات، لە دیاری کردنی شوێن و بارەگای شۆرش، شوێن یەکێکە لە رەگەزە بنەرتیەکانی مێژوو لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکانی مێژوودا، بە تەنها سەکۆیەکی بێچرپە و بێ کاریگەری نیە، بەڵکو پەیوەندی بە هێز لەگەڵ هەردوو رەگەزەکەی دیکەی دروستبونی مێژوو(مرۆڤ و کات) بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە، لەو بارودۆخەش ڕووداوە مێژویەکان دروست دەبن.

بە ورد بوونەوە لە سەرچاوەکان توێژینەوەی وامان بەرچاو نەکەتیە بەو ناونیشانەی بێ، بۆیە بە پێویستمان زانی لەوبارەیەوە بنوسین، بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانە دەگەرێین، جوگرافیای حەمیمە بۆ گرنگ بوە بۆ بانگەوازی عەباس؟ بۆ عەباسیەکان حەمیمەیان بە شوێنێکی گونجاو دەزانی بۆ بارەگای شۆرش؟ بۆ عەبباسیەکان شوێنەکانی دیکەیان نە دەکردە بارەگای سەرەکی شۆرش؟ ئامەن و چەندین پرسیاری دیکە لەو سۆنگەیەوە لە لای ئێمەی توێژەر جێگای پرسیار بوون.

توێژینەوەکەمان پێکهاتوە لە دەستپێک و دوو باس و کۆمەڵێک دەرئەنجام پێکهاتووە، لە دەستپێک باسی جوگرافیای حەمیمە دەکەین، باسی یەکەم تایبەت کراوە بە پێگەی سیاسی حەمیمە لە کاتی بانگەوازی عەبباسیدا، لە باسی دووەم باسی پێگەی حەمیمە دەکەین لە ڕووی ئابوری و ئاینی، هەروەها لە کۆتایدا گەیشتین بە کۆمەڵێک دەرئەنجام لە توێژینەوەکەمان، لە توێژینەوەکەمان میتودی گێرانەوە و شیکردنەوەمان بەکارهیناوە، بۆ ئەوەی بتوانین ڕووداوەکان بگێرینەوە و شیان بکەینەوە تا بگەینە راستی ڕووداوەکان، لەم توێژینەوەیەش کۆمەڵێک سەرچاوی کۆن و نوێمان بەکارهیناوە لە توێژینەوەکەمان.

دەستپێک: جوگرافیای حەمیمە

جوگرافیای گوندی حەمیمە بە دووری نزیکەی (٢٨٠) کم دەکەوێتە باشوری عمان، نزیکەی ٥٥کم لە باکوری شاری عەقەبە هەڵکەوتووە، لە ئوردن لە شام، لە کۆن پێیان دەگوت (حوارة)، کە مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە ساڵی (٩٠پ.ز) ئاوەدان بووە تا کۆتای دەسەڵاتی خەلافەتی ئەمەوی، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی بویتە شوێنێکی شوێنەواری مێژووی، ( صفي الدين، ٢٠٠٩: ٤٢٨/١؛ الحميري، ١٩٨٤:

١٩٩؛ دائـرة الأثـار العامـة الأردن، الحميمـة؛ www.jordanhistory.org/jordan)، حەمیمە بە واتای " مـاء حـار، ئـاوی گەرم" دێـت (الفیروزآبـادي، ٢٠٠٨: ٤٠٧)حەمیمە بـارانی سـاڵانەی بـاش بـووە، بەمەش شـوێنێکی تـا رادەیەکـی بـاش بە ئـاو بـوو، لەوەرگـای باشـی لـێ بـووە، هەروەهـا نـاوچەیەکی بە دارخورمـا بـووە، ئەمەش مانـای وایە نـاوچەیەکی کشـتوکالی بـووە لە شـام، (الحمـوي، د.ت: ج٢/ ٣٠٧)، بارەگـای بنەمـاڵەی عەبـاس کـوری عبـدالمطلیب(ر.خ) مـامی سـەروەری مرۆڤـایەتی محمـد(د.خ) بـووە، لەوێ نیشـتەجێ بـوونە (الحمـوي، د.ت: ج٢/ ٣٠٧؛ www.jordanhistory.org/jordan)، عەباسـیەکان ناویـان دەگەرێـتەوە بـۆ نـاوی پێشـەوا عەبـاس کـوری عبـدالمطلب، مـامی پێغەمـبەر(د.خ)، لە سـاڵی(٣٢ک/ ٦٥٢ز) کـۆچی دوای کـردووە، لە گۆرسـتانی بەقیـع لە شـاری مەدینـە بە خـاک سـپاردرا(الطبـري، د.ت: ج٤/٣٠٧؛ نجم عبد، د.ت: ٣٣٩_٣٤٠).




نەخشەی حەمیمە https://www.google.com

**باسـی یەکەم: کـاریگەری پـێگەی حەمـیمە لە ڕووی سیاسـی لەسـەر شۆرشـی عەباسی**

کاریگەری شوێن لە سەر ڕووداوە مێژوییەکان

جوگرافیـا یەکـێکە لە زانسـتە یـارمەتی دەرەکـان بـۆ لێکـۆلینەوە لە ڕووداوە مێژووییەکـان، کـە لە مـرۆڤ دەکـۆڵیتەوە لە ڕووی پەیوەنـدی بە شـوێنەکەیەوە، بە شـیوەیەک جوگرافیـا بە کـۆلەکەی دووەم دادەنرێـت لە دروسـت بـوونی شارسـتانیەت، چـونکە مـرۆڤ خـۆی کـۆلەکەی یەکەمە، لە لایەکـی تـرەوە تۆپۆگرافیـای زەوی کـاریگەری و ڕۆلـی گەورەی لەسـەر ڕەوت و ئاراسـتە و ئەنجـامی جەنـگ و شـەرەکانی مێـژوو هەبـووە، پێویسـتە تـوێژەر شـوێن و پـێگەی جوگرافیـا دەربخـات، ئـایە لایەنەکـان تـا چەنـد توانیتیـان کـۆنترۆلی

شوێنەکە بکەن، ئابلۆقەی دوژمن بدەن و ڕێگەی گەیشتنی پێداویستی بە دوژمن بگرن.(محمد، ٢٠١٠: ١٩٣_ ١٩٦).

شوێن یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی مێژوو لە ئاراستەکردنی ڕووداوەکانی مێژوودا، بە تەنها سەکۆیەکی بێچرپە و بێ کاریگەری نیە، بەڵکو پەیوەندی بە هێز لەگەڵ هەردوو ڕەگەزەکەی دیکەی دروستبونی مێژوو(مرۆڤ و کات) بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە، لەو بارودۆخەش ڕووداوە مێژوویەکان دروست دەبن،( ئەلمەلاح، ٢٠١٤: ٣٢؛ قادر، ٢٠٠٨: ٩٧)، بۆیە مێژوو بە بێ جوگرافیا دەچێتە خانەی مەحالەوە، بە هۆی گرنگی جوگرافیا بۆ مێژوو وایکردووە هەر لە کۆنەوە مێژوونوسان گرنگی بە جوگرافیا بدەن بە تایبەتی شوێن بۆ دەرخستنی ڕاستی ڕوداوە مێژوویەکان،( ئەلمەلاح، ٢٠١٤: ٣٢؛ پیرداود، ٢٠١٠: ١٠٨_١٠٩).

بەشێک لە فەیلەسوفانی فەلسەفەی مێژوو، لەوانە ئیبن خلدون (١٣٣٢_١٤٠٦ز)، و فەیلەسوفی فەرەنسی مۆنتیسکیۆیە(١٨٦٩ _ ١٧٥٥ز)، و فەیلەسوفی ئەلمانی هەردرە(١٧٤٤ _ ١٨٣٠ز)، و هنتنگتۆنی ئەمریکی(١٨٧٦ _ ١٩٤٧ز) و پێیان وایە جوگرافیا ڕۆلی گرنگی هەیە لە ئاراستەکردنی ڕوداوەکانی مێژوو، چونکە ڕەگەزە جیا جیاکانی جوگرافیا کاریگەری لە دروستکردنی پێکهاتەی جەستەیی و ڕەوشت و لێهاتووی عەقلی و زانستی مرۆڤە کە مرۆڤیش ئاراستەکەری ڕوداوە مێژوویەکانە،(هرنشو، ١٩٣٧: ١٠١؛ ئەلمەلاح، ٢٠١٤: ٣٦؛ عبدالکریم، ٢٠٠٩: ١٠٧؛ پیرداود، ٢٠١٠: ٩.١).

پێگەی حەمیمە لە کاتی بانگەوازی عەباسی

بانگەوازی عەباسی بە دوو قۆناغ تێپەری تا توانی سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، قۆناغەکانیش قۆناغی نەهێنی و ئاشکرا بوون، هەوڵدەدەین پێگەی حەمیمە لەو دوو قۆناغەدا بە جیاواز باس بکەین کە ئەمانەن:

١_ پێگەی حەمیمە لە کاتی بانگەوازی عەباسی لە قۆناغی نەهێنی

بەشێك لە خەلیفەکان و کاربەدەستەکانی (خەلافەتی) ئەمەوی(٤١ _ ١٣٢ک/ ٦٦١_ ٧٤٩ز) لە ماوەی فەرمانڕەوای جێی ڕەزامەندی هەموو خەڵکی ژێر فەرمانڕەوایان نەبوون، بۆیە بەردەوام دەنگی نارازی لە لایەن خەڵکی بەرزدەکرایەوە، بە هۆی هەندێک ڕەفتار و کار و چالاکی هەندێ خەلیفە و فەرمانڕەوای دەوڵەت، یەکێک لە بنەماڵە نارازیەکان بنەماڵەی پێغەمبەر محمد(د.خ) بوو، بە هۆی شەهید کردنی حسێن کوری علی لە ساڵی(٦١ک/ ٦٨٠ز) لە کەربەلا[١]، لە لایەن خەلیفە یەزیدی کوری معاویە(٦٠_٦٤ک/ ٦٧٩_٦٨٤ز) (ئیبن ئەسیر،٢٠١٢: ب٦/ ٢٠٦٥؛ ابو الشبان، ٢٠١٣: ١٤٧_١٤٩؛ عزیز، ٢٠٢٤: ١٢٠_١٢٤ ) هەروەها نایەکسانی لە نێوان خەڵکی لە رووی باج، پشتگوێ خستنی مەوالیەکان لە لایەن دەوڵەت و شیعەکان و خەواریجەکان چەندین شۆرش و ڕاپەرینیان دەکرد دژی دەوڵەت، بۆیە زۆربەی کات دەنگی نارازی دژی خەلافەت هەبووە، بەمەش دەیانویست سەرکردەیەک هەبی فەرمانڕەوای ئەو شەپۆلە نارازیە بکات، بۆ ئەوەی بتوان دژی دەوڵەت یەکبگرن

دەسەڵاتی ئەمەویەکان کۆتای پێبینن، ئەمە دەرفەتی بۆ بانگخوازانی عەباسی ڕەخساند تا بە ئاسانی بتوانن ژمارەیەکی زۆر لایەنگری لە دەوری خۆی کۆبکەنەوە(ئیبن ئەسیر،٢٠١٢: ب٦/٢١٧٤، ٢٣٧٨، ٢٤٢٤ ؛ العش، ١٩٩٢: ٣١٥_٣١٦؛ عزیز، ٢٠٢٤: ١٢٠_١٢٤)، دەوڵەتەکانیش هەمیشە دژی ئەوانەن کە نارازی و یاخی و ژێربارنین دەجەنگن، تا لە داهاتوو نەبنە مەترسی لەسەر دەوڵەت،(ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٥).

عەباسیەکان درکیان بەو ڕاستیە کرد بوو، گۆرینی فەرمانڕەوای یان ڕوخانی دەوڵەتی ئەمەوی، گرتنە دەستی دەسەلات لە لایەن عەباسیەکان ئاسان نیە، پێویستی بە ڕێکخستنی ورد و ئامادەکاری تۆکمەیە، چونکە دەیانزانی بە بێ ئامادەکاری و ڕێکخستنی ورد، ئامانجەکانیان دەبنە بلقی سەر ئاو، بۆیە بە هەموو توانا و زانا و دانی خۆیان ئامادەکاریان بۆ بانگەوازی عەباسی دەکرد(الصلابی، ٢٠٠٩: ٢١).

خەلیفە سلێمانی کوری عبدالملک(٩٦_٩٩ک/ ٧١٥_٧١٨ز) داوا لە ئەبوو هاشم[٢] رابەر و بانگخوازی شیعەکانی کیسانی دەکات بیت بۆ دیمەشق، لە وێ لە گەڵی دابنیشێت، خەلیفە سلێمان کوری عبدالملک، بە بینی زمان پاراوی و لێهاتووی ئەبوو هاشم، ترسی لێ دروست دەبێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوو کاریگەری لەسەر ئەمەویەکان دروست نەکات، ژەهر خواردیان کرد، ئەبوو هاشم هەستی بە خرابی تەندروستی خۆی کرد، بۆیە لە حەمیمە دابەزی، لە گەڵ علی کوری عبدالله کوری عەباس کۆبۆوە، پێی راگەیاند کە پێشڕەوی و بانگەوازی کیسانی دایە دەست علی، کۆمەڵێک نامەی پێدان بۆ ئەوەی شوێنکەوتەکانی شوێنی علی کوری عبدالله، لە دوای ئەویش محمد کوری بکەون، (طباطبا، د.ت: ١٤٣؛ العبادي، د.ت/ ١٩_٢٠) بەمەش دەکرێت بلێین شاری حەمیمە یەکێکە لە شوێنە گرنگەکان کە لە سەرەتای بانگەوازی عەباسی ڕۆڵی گرنگی هەبووە یەکەم شوێن بووە کە سەرەتای بانگەوازی لەوێ دەست پێکرد.

مێژووی نیشتەجی بوونی بنەماڵەی عەباسی لە حەمیمە، بنەماڵەی عەباسیەکان لە حیجاز نیشتەجێ بوون تا ساڵی(٦٤ک/ ٦٨٣ز)، دواتر بەرەو تائیف حیجازیان بەجێ هێشت، لە تائیف مانەوە تا ناکۆکیان لەگەڵ عبدالله کوری زوبێر(٦٤_٧٣ک/ ٦٨٤_٦٩٦ز) لە نێوانیان دروست بوو، بەو هۆکارەشەوە لە تائیف کۆچیان کرد، علی کوری عبدالله خۆی لە خەلیفە عبدالملک کوری مەروان نزیک کردەوە(٦٥_٨٦ک/ ٦٨٥_٧٠٥ز)، بەمەش خەلیفە ڕێزی زۆری لێگرت و لە حەمیمەی نیشتەجێ کردن لە رۆژهەلاتی ئوردن تا ساڵی(١١٨ک/ ٧٣٦ز)، علی کوری عبدالله لەوێ مایەوە تا کۆچی دوایکرد( یعقوبي، ج.ت: ٢/ ٢٦٠_٢٦٢؛ العبادي، د.ت/ ١٨_١٩؛ نجم عبد، د.ت: ٣٣٩)، دواتر بنەماڵەیان هەر لە حەمیمە مایەوە تا بانگەوازی شۆرشی عەباسی سەریگرت و دەوڵەتی عەباسیان دامەزراند و دەوڵەتی ئەمەویان ڕوخاند، (نجم عبد، د.ت: ٣٣٩).

ناوچە دوورەکان هەمیشە پەناگەی کەسانی یاخی و نارازین لە دەوڵەت(ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ٢/ ٢٦)، محمد علی کوری عبدالله پیی باش بوو لە حەمیمە بمینیتەوە، لەبەر ئەوەی بە شوێنکی سەلامەت و گونجاوی دەزانی بۆ شۆرش، بە هۆی ئەوەی کەوا



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دوور بوو لە گۆڕەپانی سیاسی خەلافەتی ئەمەوی، بەمەش زۆر ئەستەم بوو بتوانن بە وردی چاودێری چالاکیەکانی شۆڕش بکەن،( البلاذري، ١٩٩٦: ج٤/ ١٥٨؛ مؤلف مجهول، د.ت: ج١/ ١٩٧ ؛ زکار، ١٩٧٩: ٢٣٩_٢٤٠؛ العش، ١٩٩٢: ٣١٩؛ عبدالرحمن، ١٤٣٨هـ : ٩؛ عطوان، د.ت: ١٧٢) ئەو هۆکاروان وای کرد حەمیمە شوێنکی گونجاو تر بی لە شوێنەکانی دیکە، بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش لەوێ نیشتەجێ بیت.

عەباسیەکان لە زۆر شوێنی دیکە پێگەو لایەنگری زۆریان هەبوە، بەڵام ئەو شوێنانەی نەکردینە بارەگای سەرەکی خۆیان، بۆ نموونە وەک شاری کوفە، بە هۆی باگراوەندی مێژووی کوفە کە مەلبەندی نارەزای دژی دەوڵەتی ئەمەوی بوون، بەڵام بە شوێنکی گونجاو نە دەزانرا، چونکە لە ژێر چاودێری چری دەسەلاتدارانی ئەمەویەکان دابوو، هەروەها زۆری لایەنگری شیعەکان و خەلکی نارازی لە کوفە هەبوون، بەمەش نەیاندەتوانی بانگەوازی و کاروباری شۆرش بە نەهێنی بهێلنەوە، چونکە لەگەل دزە پێکردنی هەر نهێنیەکی شۆرش چارەنوسی بە هەمان شێوەی شۆڕش و راپەرینەکانی پێش خۆی دەچوو، بەمەش خەونەکەیان لە گۆردەنرا، بۆیە شاری کوفە نەکرایە بارەگای سەرەکی بانگەوازی عەباسی ( حسین، ٢٠٠١: ٢٠؛ العش، ١٩٩٢: ٣١٨). پێشرە چەندین شۆرشی لە کوفە سەریهەلداوە لە سەردەمی ئەمەویەکان، بەڵام شکستیان هێنایە وەک شەهیدکردنی حسین کوری علی(ر.خ) لە سالّی(٦١ک/ ٦٨٠ز)، موختاری سەقەفی(٦٦_٦٧ک/ ٦٨٦_٦٨٧)( إبن أعثم، د.ت: ٤/ ١٤٣_١٤٤؛ ئیبن ئەسیر،٢٠١٢: ب٦/ ٢٠٦٥؛ ابو الشبان، ٢٠١٣: ١٤٧_١٤٩، ٢٣٦_٢٣٩، ٢٤٦_٢٤٧).

کاتێک نائارامی و ناکۆکی و دەستدرێژی بۆ سەر یەکتر هەبوو لە شوێنێک بۆ دور بوون لە هێرشی دوژمن، شوێنە دوورەکان دەکەنە پەناگە،(ئیبن خلدون، ٢٠١٦: ٢/ ١٨٢)، محمد کوری علی شاری مەککەی بە شوێنێکی شیاوی نەدەزانی بۆ بارەگای سەرەکی شۆرش، چونکە رکابەری زۆری لێ بوون کە دژایەتیان دەکرد، بۆیە ئەوان رێگر دەبوون لە دانانی بەرنامەیەکی بەهێز بۆ شۆرش، ئەمەش دەبووە هۆی بە هەدەردانی کات و توانایەکی زۆر لە ملّملانێی ناوخۆی، بەمش نەیدەتوانی ئامانجی بپێکیت، بۆیە نەیکردە بارەگای سەرەکی شۆرش(حسین، ٢٠٠١: ٢٠؛ العش، ١٩٩٢: ٣١٨). پێشتر شاری مەککە بارەگای شۆرشی عبدالله کوری زبیر (٦٤_٧٣ک/ ٦٨٤_٦٩٦ز) بوو، نەیتوانی سەرکەوتووبی لە ئامانجەکەی( ابن کثیر، ١٩٩٠: ٨/٣٢٠_٣٢٦ ؛ ابو الشبان، ٢٠١٣: ٢٠١_٢١٠)، بانگخوازانی عەباسی شوێنی ئەو شۆرشانەیان لە یاد بوو، کە نەیاتوانی سەرکەوتووبن، بۆیە ئەو شوێنانەیان بە گونجاو دەزانی بۆ بارەگای شۆرش.

پێشەوا محمد کوری علی کوری عبدالله کوری عەباس لە حەمیمە کەوتە ئامادەکاری و بەرنامەدارێژی بۆ شۆرش، بۆ رێکخستنی بانگەوازی و بەرێوەبردنی کاروبارەکانی شۆرش، لەوێ رێنمایەکان بۆ لایەنگرەکانی دیکەی دەنارد لە شوێنەکانی دیکە کە بە شێوەیەکی نەهێنی کاریان دەکرد(الصلابی، ٢٠٠٩: ٢٣؛ عابد، ٢٠١٥: ٤)، پێشەوا

محمد و بەرێوەبەرانی شۆرش لە میانەی دانانی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ شۆرش، کە دروشمی سەرەکیان بانگەوازی ئال و بەیت بوو، بەمەش پێگەی شۆرش بە هێز تر بوو و لایەنگرانی زیاتر بوون، چونکە بەشێک لە پالپشتیوانەکانی شۆرش پێیان وابوو کە ئەو دروشمە بانگەشەیە بۆ نەوەکانی علی کوری ئەبو طالب(ر.خ)، بەمەش بە هەموو توانای خۆیان کاریان بۆ سەرخستنی بانگەوازی دەکرد.(زکار، ١٩٧٩: ٢٣٩_٢٤٠؛ طباطبا، د.ت: ١٤٣).

محمد کوری علی لە ساڵی(١٠٣ک/ ٧٢١ز) (١٢)دوانزە نەقیب[٣] ئاراستە دەکات کە بە شێوەیەکی نەهێنی بانگەوازی بۆ شۆرش بکەن، پەیوەندی بەوانە بکەن کە نارازین لە خەلافەتی ئەمەوی، زولم زۆرداری ئەمەویەکان بۆ خەلکی ئاشکرا بکەن ئامانجەکانی شۆرش بۆیان بخەنەروو تاوەکو ئاشنا بن پێی و یارمەتی دەرتان بن دژی دەوڵەتی ئەمەوەی،( عمر، ١٩٧٧: ٨٩)، مرۆڤەکان بۆ بە دەستهینانی پێداویستیەکان ژیان ناچار لەگەڵ و هاورەگەز و هاو هەلوێستی خۆی هاوکاری یەکتر بکەن، ئەندێشە مرۆڤیش عەودالی بە دەستهینانی پێداویستیەکانە، بۆیە کۆشش دەکات و دەگەرێت بۆ ئەوەی مرۆڤانێک بدۆزیتەوە تا ئەو بۆشاییە لە پێداویستیەکانی دا هەیە پێی پر بکاتەوە (ئیبن خلدون، ٢٠١٦ :٢/ ٢٥٩)، بانگەوازی بەردەوام بوو، دواتر لە ساڵی( ١٠٩ک/ ٧٢٧ز) بانگەوازەکە فۆرمێکی نوێی وەرگرت، بەوەی محمد کوری علی بانگخوازێکی بە ناوی خداش[٤] نارد بۆ خوراسان بۆ ئەوەی بانگەوازی بۆ شۆرش بکات، ئەویش بە هەموو توانا و لێهاتوی خۆی کاری لەسەر بەرنامەی بانگەوازی عەباسی دەکرد، بەمەش توانی لایەنگری زۆر کۆبکاتەوە قۆناغێکی نوێ لە بانگەوازی شۆرش دەست پێ بکات، بەڵام دەسەلاتدارانی ئەمەوی لە خوراسان بە هەرەشە لەسەر پێگەی دەولەتیان دەزانی بۆیە لە لایەن دەسەڵاتدارنی ئەمەوی لە ساڵی(١١٨ک/ ٧٣٦) کوژرا، بەمەش کاروباری شۆرش بە کوژرانی خەداش بەرەو خامۆشی رۆیشت تا ساڵی(١٢٥ل/ ٧٤٣ز)،( ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠ :٨/ ١٢٨٠؛ العش، ١٩٩٢: ٣١٩)، دەوڵەتەکانیش هەمیشە دژی ئەوانەن کە نارازی و یاخی و ژێر بارنین دەجەنگن، تا لە داهاتووش کاریگەری نەرێنی لەسەر دەوڵەت دروست نەکەن، هەولی لەناو بردنیان دەدەن،(ئیبن خلدون، ٢٠١٦ :٢/ ٢٥).

محمد کوری علی کوری عبدالله لە ساڵی(١٢٥ک/ ٧٤٣ز) کۆچی دوایکرد، لە دوای ئەو پێشەوا ئیبراهیم شوێنی گرتەوە، بۆ رێکخستن و بەرێوەبردنی کاروباری شۆرش، (ابن الجوزي، ١٩٩٢: ٧/ ٢٤٤)، بانگەوازی عەباسی دوای کۆچی دوایکردنی محمد کوری علی هەندێک کێشە لە ناو بانگەوازی دروست بوو، ئەمەش ترسی خستە دڵی سەرکردەی نوێی شۆرش، نەکە خەونی دروست بوونی دەوڵەت لە گۆربنێن، بۆیە ویستی لە ڕێگای چەند کەسێکی بە هێز بانگەوازەکە بە هێزتر بکات لە مەترسی لەناوچوون رزگاری بکات، بەمەش سلێمانی کوری کەثیر خوزاعی رابسپێرێت بۆ ئەوەی ناکۆکیەکانی نێوان شۆرش و بانگەوازیەکە یەک بخات، بەمەش سلێمانی کوری کەثیر توانی ناکۆکی نێوان بارەگای سەرەکی شۆرش لە حەمیمە و بزوتنەوەکان لە خوراسان و ناوچەکانی دیکە یەکبخات( الدینوري، ١٣٣٠هـ : ١/ ٣٢٧ ؛ الصلابی، ٢٠٠٩: ٢٨؛ العبادي، ب.ت: ٢٣_٢٤؛ الدوري، ١٩٩٧: ١٨)،

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە حەمیمە هەر لە سەرەتاوە پێگەیەکی بەهێزی هەبووە، لە پاراستن و سەرخستنی بانگەوازی عەباسی.

دوای ئەوەی بەرنامە و ئامانجی لە لایەن پێشەوا و بانگخوازەکانی شۆرش دیارکرا، لایەنگریان پەیدا بوون و پێوستی دەکرد قۆناغی بانگەوازی هەنگاوی زیاتر بهاوێت و هەر بە نەهێنی و بە شاراوەی نەمێنیتەوە، بۆیە لە لایەنی بەرێوەبەرانی شۆرش ئەبوو مسلم خوراسانی لە لایەن پێشەوا ئیبراهیم لە ساڵی(١٢٨ک/ ٧٤٥ز) دیارکرا، بۆ ئەوەی کاروباری شۆرش و نوێنەرایەتی شۆرش لە خوراسان بکات، بەو هۆیەوە بە هەموو توانای خۆی و هەولی سەر خستنی شۆرشی عەباسیدەدا، لەو رێگەیەوە هەوڵیدەدا زولم و زۆرداری ئەمەویەکان بۆ خەلکی ئاشکرا بکەت، بەڵێنی گەورەی پێدان کە بە هەموو شێوەیەکی کار دەکات لە پێناو فەراهەم کردنی ژیانێکی خۆش و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و لابردنی زولم و زۆرداری ئەمەویەکان(الدینوري، ١٣٣٠هـ : ١/ ٣٢٧؛ الطبري، د.ت: ج٦/٥٤؛ ڤلادیمیر، د.ت: ٣١٤).

بانگەوازانی عەباسی بۆ سەرنجیان لەسەر خوراسان بوو، دەیانویست لەوێ دەست بە بەرنامەو ئامانجی خۆیان بکەن، ناوچە دورەکان هەمیشە پەناگەی کەسانی یاخی و نارازیین لە دەوڵەت(ئیبن خلدون، ٢٠١٦ :٢/ ٢٦)، خوراسان دەینالاند بە ناکۆکی ناوەخۆی لە نێوان هۆزەکان وەک هۆزەکانی یەمانی و قەیسی و مضیری، ئەو هۆزانە بەردەوام ناکۆک بوون لە گەڵ یەکتر، هەروەها خوراسان بە پێی هەڵکەوتە سنوریەکەی لە ناوچەی ئەو دیوی رووبار لەگەڵ تورکە بتپەرستەکاندا کۆمەڵێ پێکدادانی سەربازی بە خۆیەوە بینی ( الطبري، د.ت: ج٧/ ٣٥٧_٣٥٩؛ العش، ١٩٩٢: ١١٨؛ ئەنوەر، ٢٠١٥: ٥١_٥٢)، ئەمەش دەرفەتی دەرەخساند بۆ ئەوەی بتوانیت دەستیان لەگەڵ تێکەڵ بکات و باروودۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆی و بانگەوازی عەباسی وەربگرێت و پاڵپشتی ئەبو مسلم خوراسانی بکەن.

لە خوراسان ژمارەیەکی زۆر لە رەگەزی فارس پەراوێز خرابوون لە لایەن دەسەڵاتدرانی ئەمەوی، ئەوانیش لە هەلێک دەگەران بۆ ئەوەی بە شوێنگرەوەی دەوڵەتی ئەمەوی بدۆزنەوە خۆ لەو گۆشەگیریە رزگار بکەن و مافەکانی خۆیان بەدەست بهێنن،(بارتولد، ب.ت: ٣١٤)، هەڵوێستی هۆزەکان لەبەرژەوەندی بانگەوازی عەباسی بوو، دژی دەوڵەتی ئەمەوی بوون، هێزەکانی پەراگەندە، ئەوان لەبارەی هێز نەیاریان شەریکی یەکترن(ئیبن خلدون، ٢٠١٦ :٢/ ١١٦)، کورد گوتەنی دوژمنی دوژمنم دۆستمە.

ئەبوو مسلم خوراسانی زۆر بە زیرەکانە کاری لەسەر بەرنامەی بارەگای سەرەکی شۆرش لە حەمیمە دەکرد، بەمەش ئەبوو مسلم خوراسانی توانی هەستی مەوالیەکان بۆ لای خۆی رابکێشیت، ئامانجی ئەوە بوو ناکۆکی بخاتە نێوان دەسەلاتدارانی ئەمەوەی و خەلکی لە خوراسان، بەمەش پێگەی ئەبوو مسلم خوراسانی بە هێز بوو، توانی لایەنگری زۆر بۆ شۆرش پەیدابکات، توانی خوراسان و چەندین شوێنی دیکە لە دەوروبەری لە ژێر دەسەلاتی دەسەڵاتدارنی دەوڵەتی ئەمەوەی دەربهێنیت، و بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی، بەمەش بانگەوازی شۆرش لە خوراسان و دەوروبەری سەری

گرت، بۆیە ئەبوو مسلم خوراسانی نوسراوێکی لە بارەی توانا و کاروباری شۆرش لە خوراسان ئاراستەی سەرکردایەتی شۆڕش و بارەگای سەرەکی لە حەمیمە بەرزکردەوە(الدینوري، ١٣٣٠هـ : ١/ ٣٢٧؛ الطبري، د.ت: ج٦/٥٤؛ ڤلادیمیر، د.ت: ٣١٤؛ هلیب، د.ت: ٣٤٦).

٢_ پێگەی حەمیمە لە کاتی بانگەوازی عەباسی لە قۆناغی ئاشکرادا

دوای ئەوەی ئەبوو مسلم خوراسانی کاروباری شۆرشی ڕێکخست لە خوراسان، هێزێکی باشی پەیداکرد، بەمەش توانی خوراسان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و کۆتای بە دەسەڵاتی ئەمەوی بهێنێت لە خورسان، ئەبوو مسلم خوراسانی بووە تاکە فەرمانرەوا لە خوراسان، بەردەوام بوو لە ناوبردنی نەیارەکانی شۆرش و بەهێزکردنی پێگەی لە خوراسان و دەوروبەری(الطبري، د.ت: ج٧/٣٧٧_ ٣٨١؛ ابن الوردی، ١٩٩٦: ١/ ١٧٩؛ ابن الجوزي، ١٩٩٢: ٧/ ٢٤٤؛ الصلابی، ٢٠٠٩: ٣٢_٣٣).

دوای ئەوەی ئەبوو مسلم خوراسانی تا رادەیەکی باش خوراسانی سەقامگیرکرد، بەمەش پێویست بوو هەنگاوی ژیرانە بهاوێژترێت، بەوەی لە لە بارەگای سەرەکی شۆرش لە حەمیمە لە لایەن پێشەوا ئیبراهیم کوری محمد دانانی کەسایەتیک بە ناوی شەبیب کوری قوحتوبە بۆ ئەوەی بەردەوام بی لە فروانخوازی و بەرنامەی شۆرش، لە ناوچە عەرەب نشینەکان، لە حەمیمە پێیان وابوو پێویستە کەسێکی بە رەگەز عەرەب ناوچەکانی عەرەب نشین کۆنترۆل بکات و چالاکی سەربازی ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی هەڵگەرانە رونەدات و هەستی نەتەوایەتی نەجولێت لە دژی سەرکردەی شۆرش و بەرنامەی شۆرش، قوحتوبە کوری شەبیب بەرنامەی خۆی ڕێکخست و توانی دەست بەسەر چەندین ناوچە دابگریت، وەک تووس و نەیسابور و بەردەوام بی لەسەر فراوانخوازی(الطبري، د.ت: ج٧/٣٣٧ _ ٣٨١؛ ابن الوردی، ١٩٩٦: ١/ ١٨١؛ الصلابی، ٢٠٠٩: ٣٤؛ عطوان، د.ت: ٢٦٥_٢٦٧؛ راشد، ٢٠١٩: ١٥١_١٥٢)، لێرە بۆمان دەردەکەویت ئیبراهیم ئیمام لە حەمیمە بریاری گۆرانکاری سەرکردەکانی شۆرش دەدا، و بە گوێرەی پێویست سەرکردەکانیان دەگۆری لە شوێنەکانی دیکە.

نەسری کوری سیار لە نەیسابوری بەرەو ڕەی رایکرد، حکومەت لە دیمەشق بەو هەنگاوانەی شۆرش هەراسان بوو، ویستی ڕێگای گەشەسەندن لە شۆرش بگرێت و هێزی شۆرش لەناو ببات، بەڵام دەوڵەت یەک لە دوای یەک شکشتی دەخوارد بەرانبەر بە شۆڕش، شارەکانی ئەسفەهان و نەهاوەند چەندانی دیکە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، بەو سەرکەوتنانە ڕێگەی عێراق لە بەردەم هێزی شۆرشدا کرایەوە(الطبري، د.ت: ج٧/٣٨٨_٣٩٠، ٤٠٥_٤٠٨؛ الیعقوبي، د.ت: ٢/ ٢٧٥؛ الصلابی، ٢٠٠٩: ٣٤_٣٥).

هێزی شۆرش بەردەوام بوو لەسەر فراوانخوازی و دەست بەسەر داگرتنی یەک لە دوای یەکی ناوچە و شارەکان، سوپای ئەمەوی بەردەوام لە پاشەکشە دابوو، بۆیە ڕێکخەرانی بانگەوازی شۆرش، لە ساڵی(١٣٢ک/ تشرینی یەکەم ٧٤٩ز)، بەیعەتیان

بە خەلافەتیان بە ئەبوو العباس برای پێشەوا ئیبراهیم درا، کردیان بە یەکەم خەلیفەی دەوڵەتی عەباسی، ڕوخاندنی دەوڵەتی ئەمەویان ڕاگەیاند(الیعقوبي، د.ت: ٢/ ٢٨٢ ؛ ابن کثیر، ١٩٩٠: ١٠/ ٥٢؛ توفیق، ٢٠١٠: ٧٦)، سروشتی هێزی نوێ ئەوەیە هەموو شوێنەوارەکانی هێزی پێش خۆی دەسڕێتەوە،(ئیبن خلدون، ٢٠١٦ :٢/ ١٠٢).

دروست بوونی دەوڵەتی عەباسی بە شۆرشێکی سەرەتاپاگیری ناو مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی دەدەنرێت، لە ڕێرەوی گەشەسەندن کۆمەڵگای ئیسلامی مۆرکێکی قولی لە هەموو بوارەکان بە گشتی بە تایبەتی لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری بە جێهێشت، لێرەدا پێگەی حەمیمە بۆمان بە دیارکەت لە سەرکەوتنی بەرنامە و پلانی شۆرشی عەباسی دەژی دەوڵەتی ئەمەوی.

کۆچکردنی بنەماڵەی پێشەوا عەباس(ر.خ) لە حەمیمە بۆ کوفە، دوای ئەوەی شۆرش سەرکەوتنی یەک لە دوای یەکی بەدەست دەهیان، دوای سەدتگرتن بەسەر عێراق، کاتی ئەوە هات کەسێکی دیاریبکەن، بە دروشمی شۆرش، ئەو کەسە پێشەوا ئیبراهیم بوو، ئەمەش دەرفەت بۆ ئەمەویەکان ڕەخسا تا پێشەوایان بگرن، بۆیە مەروانی دووەم(١٢٧_١٣٢ک/ ٧٤٥_٧٤٩ز) فەرمانی بە کاربەدەستەکانی کرد تا بیگرن و خستیانە زیندانەوە، گێرانەوەکان جەخت لەسەر ئەوەی دەکەن پێسەوا ئیبراهیم لە کاتی گرتنی کۆتا قسەی بۆ بنەماڵەی وەسیەتی بۆ ئەبولعباس عەبدالله کوری محمد برای کردووە کردویەتی بە خەلیفە، فەرمانی بە بنەماڵەی کردووە لەگەڵ ئەبولعباس کۆچ بکەن بۆ کوفە( الیعقوبي، د.ت: ٢/٢٧٤؛ طبري، د.ت: ٧/ ٤٢٣؛ ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠:٨/٣٠٧٦_٣٠٧٧ ؛ صلابی، ٢٠٠٩: ٣٦).

کاتێ بنەماڵەی عەباسی گەیشتنە کوفە، پاش ئەوەی سوپای شۆرش چوویە ناو کوفە، ئەبو سەلەمە بنەماڵەی عەباسی لە ماڵی وەلید کوری سەعدی مەولای بەنی هاشمدا دامەزراند، تا موەی چل ڕۆژ بە نهێنی لەوێ مانەوە. هۆکاری کۆچکردنی بۆ کوفە بە فەرمانی پێشەوا ئیبراهیم بوو، و هەروەها ژمارەیەکی زۆری لایەنگری بنەماڵەی عەباسی لێ بوون، کوفە لە ژێر دەستی شۆرش دابوو(طبري، د.ت: ٧/ ٤٣٠؛ ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠:٨/٣٠٧٦_٣٠٧٧ ؛ صلابی، ٢٠٠٩: ٣٦).

شاینی باسە گوندی حەمیمە شوێنی لە دایک بوونی دوو خەلیفەی لێهاتو و بە هێزی دەوڵەتی عەباسی، یەکەم خەلیفەی عەباسی ئەبو العباس السفاح(١٣٢_ ١٣٦ک/ ٧٤٩_ ٧٥٤ز)، دووەم خەلیفە ئەبو جعفر منصور(١٣٦_ ١٥٨ک/ ٧٥٤_ ٧٧٥ز)، (الیعقوبي، د.ت: ٢/ ٢٨٢؛ ئیبن ئەسیر، ٢٠١٠:٨/٣١١٤_٣١١٥).

**دووەم: پێگەی حەمیمە لە ڕووی ئابوری و ئاینی**

ورد بوونەوە لە سەرچاوەکان زانیاری وردیان نادا سەربارەت بە پێگەی حەمیمە لە ڕووی ئابوری و ئاینی، بەڵام سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوەی دەکەنەوە کەوا ناوچەیەکی بازرگانی گرنگ بوە، شوێنی جوگرافیای حەمیمە ڕێگای کاروانە بازرگانیەکان بوو کە بەوێدا تێدەپەرن بەرەو دیمەشق پایتەختی خەلافەتی ئەمەوی، ڕێگای کاروانە بازگانیەکانی نێوان بەترواء و عەقەب و نێوان باکوری شام و عەقەبە

و ڕێگـای بازگـانی تراجـانی نـوێ، بەمەش پێگەیەکـی گونجـاوی هـەبوە بـۆ شـۆرش لەبەرئەوەی بە هاوکـاری کـاروانە بازرگانەکـان دەیـانتوانی ژیـانی خۆیـان فەراهەم بـکەن، لەبەر ئەوەی کـاروانە بازگانەکـان بە هەر شـوێنێک هـاتوو چـۆبکەن بە ئاسـانی پێداویسـتیەکان بەدەسـت دەکەون لە ڕێگـای بازرگانەکـانەوە بانگخوازەکـان دەیـانتوانی ئامـانجی خۆیـان بە شـاراوەی ئەنجـام بـدەن بە ئاسـانی دەسـتیان بگـاتە نـاو خەڵـک و شـوێنەکانی دیـکە، بـۆ ئەوەی کارەکـانی شـۆرش بە نەهێنـی بمێنیـتەوە لە لایەن بانگخوازەکـان و کارەکـانی خۆشـیان بە ئەنجـام بگەیـنن،(الـبلاذري، ١٩٩٦: ج٤/ ١٥٨؛ عطوان، د.ت: ١٧٢؛ www.jordanhistory.org/jordan).

لە ڕووی ئـاینیەوە جوگرافیـای حەمـیمە ڕێگـای کـاروانی حاجیەکـانە، حاجەیەکـانی هەمـوو ناوچەکـانی دیـکە بە هەمـان شێوەی ڕێگـای کـاروانە بازرگانیەکان کە لە سـەرەوە باسـمانکرد بەوێـدا هـاتوو چۆیـان دەکـرد، بانگخوازەکـان و شۆرشـگێرەکان بە بیـانوی حەج بە دوای بەرنـامە و کـاری خۆیـان دەگەران، شـوێنێکی گونجـاو بـووە، بـۆ ئەوەی بە ئاسـانی بتـوانن بـانگەوازی شـۆرش بـکەن و دەسـتیان بگـاتە نـاو خەڵـک، پێشـەوایانی شـۆرش لە ڕێگـای حەج لەگەڵ خەڵـک کۆدەبـونەوە پەیامیـان بە ئاسـانی دەگەیشـتە نـاو خەڵکـی،( الـبلاذري، ١٩٩٦: ج٤/ ١٥٨؛ مؤلـف مجهـول، د.ت: ج١/ ١٩٧ ؛ زکـار، ١٩٧٩: ٢٣٩_٢٤٠؛ العـش، ١٩٩٢: ٣١٩؛ عبـدالرحمن، ١٤٣٨هـ : ٩؛ عطـوان، د.ت: ١٧٢) ئەو هۆکـاروان وای کـرد حەمـیمە شـوێنکی گونجـاو تـر بـی لە شـوێنەکانی دیکە، بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆرش لەوێ نیشتەجێ بێت.

**ئەنجام**

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوە دەگەین بەوەی کە:

_ حەمـیمە پێگەیەکـی گرنـگ هەبـوو لە کـاتی بـانگەوازی شۆرشـی عەباسـی بەوەی کەوا شـوێنێکی گرنـگ و سـتراتیژی بـووە، چـونکە دەکەوتە دووری گۆرەپـانی مەیـدانی سیاسـی دەوڵەتـی ئەمەوی، بەمەش دەرفەت بـۆ عەباسـیەکان دەرەخسـا تـا بە نەهێنـی کـار و بەرنامەیان بمینیتەوە.

_ حەمـیەمە پێگەیەکـی بەهێـزی هەبـووە لە ڕووی ئـاینی چـونکە ڕێگـای کـاروانی حاجیەکـانە، بەمەش دەرفەت دەرەخسـا بـۆ ئەوەی لەو ڕێـگەیەوە پەیوەنـدی بە کـاروانی حاجیەکـان بـکەن بەرنـامەو پلانـی خۆیـان بـۆ ڕونـبکەنەوە، تـا هاوکـاربن دژی دەوڵەتـی ئەمەوی و دروستکردنی دەوڵەتی عەباسی

_ حەمیمە لە ڕووی ئـابوری بەهێـز بـووە، چـونکە بە هەمـان شـێوەی کـاروانی حاجیەکـان، مەڵبەنـدی تێپەربـونی کـاروانی کـاروانە بازرگانیەکـان، بەمەش بازرگانەکـان لەو ڕێـگەیەوە بـانگەوازی بـۆ شـۆرش بـکەن، خۆشیان بە کـاری بازگـانی خەریـک بـکەن بـۆ ئەوەی ئامـانج و بەرنـامەی شـۆرش بە نەهێنـی بمینیـتەوە، کەواتە حەمـیمە لە ڕوی ئابوری بە هێز بووە بۆ شۆرش.

_بانگەوازی عەباسی ماوەیەکی زۆری خایاند تاوەکو بەرنامە و ئامانجی خۆیان دارشت و کاری لەسەر بکەن، دژی دەوڵەتی ئەمەوی، بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان بە هەمان شێوەی شۆرش و ڕاپەرینەکانی پێش خۆیان نەچیت، لە دامەزراندنی دەوڵەت.

_بانگەوازی عەباسی سەرکرادیەتی و کۆمەڵێک کەسایەتی و بانگخوازی بەهێز و بە پلانی هەبووە بۆ ئەوەی بە وردی کار لەسەر بەرنامەی شۆرش بکەن، قۆناغ بە قۆناغ هەنگاوەکانیان ببرن و سەرکەوتووبن لە کارەکانیان.

_ دەوڵەتی ئەمەو بە هۆی هەندێک کێشە ناوەخۆی لاواز بوو، سەرقالی دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕس و ڕاپەرینەکانی دیکە بووە، نایەکاسانی لە نێوان تاکەکانی دەوڵەت دەکرا، بەمەش دەوڵەتی ئەمەوی بێ هێزبوو، بەو هۆکارانە نەیتوانی بەرنبەر شۆرشی عەباسی بوەستێتەوە.

[1]کەربەلا: یەکێکە لە شوێنەکانی نزیک کوفە لە عێراق(الحموي، ب.ت: ٤٤٥/٤)

[2]ئەبو هاشم: عبدالله کوری محمد کوری حەنیفە، رابەری شیعەی کیسای بوو، لە ساڵ(٩٨ک/ ٧١٦ز)کۆچی دوایکرد(طقطقي، ١٣١٨هـ : ٣٢٥).

[3]نەقیب: بەو کەسانە دەوترێت کە یاریدەدەرەکانی پێشەوا بوون، کە ژمارەیان دووانزە کەس بوو، تەنها ئەوان نەهێنی پێشەوایان دەزانی و دەیانپاراست، (مؤلف مجهول، ب.ت، ٢١٦_٢٢٠).

[4]:خداش خورەمی: عەمار کوڕی یەزیدی ناوی خۆی گۆری بە خەداش، لە لایەن بەکیری کوری ماهان دەستنیشانکرا وەک ڕێبەری شوێنەکەوتەکانی بەنی عەباس(ئیبن ئەسیر،٢٠١٠ :١٢٨٠/٨).


لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان

**١_ بە زمانی کوردی**

ئیبن خلدون، موقەدیمەی ئیبن خەلدون(٢٠١٦)، وەرگێرانی: سەعید بەشیر، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، بەرگی دوو.

ئیبن ئەسیر، تەواوی مێژوو،(٢٠١٢)، وەرگێرانی: زاهیر محمد، چاپخانەی ،سلێمانی، بەرگی حەوت.

**٢- بە زمانی عەرەبی**

إبن أعثم، أبي محمد بن أعثم الكوفي، كتاب الفتوح،(بدون التاريخ)، تحقيق: علي شيرى، دار الاضواء، بدون مكان.

البلاذري، الإمام احمد بن يحيى بن جابر، أنساب ألأشراف، ( ١٩٩٦)، حققه وقدم له: سهيل زكار و رياض زركلي، دار الفكر، بيروت، جزء الرابع.

الدينوري، أبي حنيفة أحمد بن داود، الأخبار الطوال،(١٣٣٠هـ) مطبعة السعادة بمصر.

الفيروزآبادي، مجيدالدين بن يعقوب، القاموص المحيط.(٢٠٠٨)، راجعة: أنس محمد الشامي و زكريا جابر احمد، دار الحديث، القاهرة،

ابن الجوزي، المنتظم، المنتظم، (١٩٩٢)، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان

ابن كثير، البداية والنهاية،(١٩٩٠)، مكتبة المعارف، بيروت، لبنان، جزء العشر.
الحميري، محمد بن عبدالمنعم، الروض المعطار في خبر الاقطار،(١٩٨٤)، حققه: إحسان عباس، مكتبة لبنان،
صفي الدين، عبدالمؤمن بن عبدالحق البغدادي، مراصد الاطلاع على أسماء الأمكنة البقاع،(٢٠٠٩)،
طباطبا، محمد بن على، الفخري في الآدب الصلطانية والدول الاسلامية،(بدون التاريخ) دار الصادر، بيروت.
ابن طقطقي، الشريف محمد، الأصيلي في أنساب الطاليبين،(١٣١٨هـ)، تحقيق: السيد المهدي الرجاني، بدون الطبعة، بدون مكان.
الطبري، تاريخ الطبري، بدون التاريخ، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، بدون المكان.
مؤلف مجهول، أخبار الدولة العباسية وفيه أخبار العباس وولده،(بدون التاريخ)، الجزء١.
اليعقوبي، التاريخ العقوبي(بدون التاريخ)، تحقيق: عبدالامير منها، شركة الاعلمي المطبوعات، بيروت، لبنان.
الحموي، ياقوت، معجم البلدان، بدون التاريخ، دار الصادر، بيروت.
بن الوردى، التاريخ ابن الوردي،(١٩٩٦)، دار الكتاب العلمية، بيروت، لبنان.

## سەرچاو نوێیەکان(لاوەکیەکان)

### أ_ بە زمانی کوردی

ئەلمەلاح، هاشم یحیی، فەلسەفەی مێژوو،(٢٠١٤)، وەرگێرانی: دەوەن حەسەن، چاپخانەی رۆژهەلات، سلێمانی.
ئەنوەر، کەیوان ئازاد، کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەراست،(٢٠١٥)، چاپخانەی پەنجەرە، تاران.
توفیق، زرار صدیق، کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا(١٦_٦٥٦ک/ ٦٣٧ _١٢٥٨ز)،(٢٠١٠)، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
ابو الشبان، احمد عوض، خیلافەتی ئەمەوی(٢٠١٣)، وەرگێرانی: جمیل عبدالله حسێن، بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، چوار چرا.
عبدالکریم، سەلام، دەربارەی فەلسەفەی مێژوو.... زانستی مێژوو،(٢٠٠٩)، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.
الصلابی، علی محمد، مێژووی دەولەتی عەباسی(٢٠٠٩)، وەرگێرانی: نیهاد جلال، چاپخانەی نارین، هەولێر.

### ب_ بە زمانی عەرەبی

دائرة الأثار العامة الأردن، الحميمة.
الدوري، عبدالعزيز، العصر العباسي الاولى،(١٩٩٧)، الدار الطليعة الطباعة و النشر، بيروت، لبنان.
حسين، صابر محمد دياب، الدولة الاسلامية في العصر العباسي،(٢٠٠١)، دار الفكر العربي، القاهرة.
ڤلاديمير، ڤاسيلي و ڤنش بارتولد، تركستان من الفتح العربي إلى الغز والمغول(بدون التاريخ)، نقلة: صلاح الدين عثمان هاشم، إشراف على طبعة: قسم التراث العربي.
زكار، سهل، التاريخ العرب ولاسلام،(١٩٧٩)، دار الفكر، بيروت.

العبادي، احمد المختار، التاريخ العباسي والاندلسي(بدون التاريخ)، دار النهضة العربية، بيروت.
عبدالرحمن، محمد نصر و محمد صقر الدوسري، تاريخ الدولة العباسية في العصر العباسي الأول، ١٤٣٨ هـ ، جامعة الملك فيصل،
العش، يوسف، الدولة الاموية، (١٩٩٢)، دار الفكر، دمشق
عطوان، حسين، الدعوة العباسية، بدون تاريخ، دار الجمل، بيروت.
عمر، فاروق، بعوث في التاريخ العباسي(١٩٧٧)، دار الناشر القلم، بيروت.
هرنشو، علم التاريخ، (١٩٣٧)، ترجمة: عبدالحميد عبادي، مطبعة لجنة التألف و النشر و الترجمة، القاهرة.

**سييەم: نامەی ماستەرەکان**

**بە زمانی عەرەبی**

عابد، رغدة سعدي، ابو مسلم الخراساني و دورة في قيام الدولة العباسية(٢٠١٥)، ماجستر،الجامعة الخليل.

**چوارەم: گۆڤارەکان**

**أ _ بەزمانی کوردی**

عزيز. هۆشمەند علی و حيدر لشكری، ململانێی مەزهەبیەکان لە جیهانی ئیسلامی و کاریگەریەکانی(سێ سەدەی یەکەمی کۆچی)(٢٠٢٤)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، کۆیە، ژمارەی، بەرگی ٧، ژمارە یەک.
محمد، اومێد ابراهيم و رۆڵی جوگرافیا وەک کەرەستەیەکی جیۆپۆلۆتیک (٢٠١٠)،گۆڤاری مێژووی، ژمارە١٤.
قادر. کامەران محمد، کاریگەری شوێن لە دروست بوونی شوێن (٢٠٠٨)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٢٤.
پیرداود، هۆگر حەسەن، جولێنەرەکانی مێژوو،(٢٠١٠)، گۆڤاری مێژوو، ژمارە١٦.

**ب _ بە زمانی عەرەبی**

راشد، توفيق مسعود و علي سعد مسعود محمد، ابو مسلم الخراساني و دوره في تأسيس الدولة العباسية(١٢٥ _ ١٣٢هـ)، (٢٠١٩)، مجلة القرطاس، جامعة الجبل الغربي، العدد السادس.
نجم عبد، حسين هليب، الدعوة العباسية من البداية حتى قيام الدولة(١٠٠_١٣٢هـ/ ٧١٨ _ ٧٥٠م)، أهل البيت، العدد ٣٢.

**پێنجەم: لینکی سایتەکان**

www.jordanhistory.org/jordan
https://www.google.com

List of sources
First, the original sources
1- In Kurdish
Ibn Khaldun, Muqadimay Ibn Khaldun (2016), translated by Saeed Bashir, Ganj Press, Sulaimani, Vol.
Ibn Asir, Full History, (2012), translated by: Zahir Mohammed, Sulaimani Printing House, Volume Seven.

2- In Arabic
Ibn 'Atham, Abi Muhammad ibn 'Atham al-Kufi, Kitab al-Futuh, (without history), research: Ali Shiri, Dar al-Adhawa, without place.
Al-Baladhiri, Imam Ahmad ibn Yahya ibn Jabir, Ansab al-Ashraf, (1996), Haqqah wa Qadam in: Suhail Zakar and Riyad Zarkali, Dar al-Fakr, Beirut, Part Four.
Al-Dinuri, Abi Hanifa Ahmad ibn Dawood, Al-Akhbar al-Twal, (1330 AH) Al-Saada Printing House in Egypt.
Al-Firouzabadi, Majid al-Din bin Yaqub, Al-Qamus al-Muhayt. (2008), References: Anas Mohammed al-Shami and Zakaria Jaber Ahmad, Dar al-Hadith, Cairo,
Ibn al-Jawzi, al-Muntazim, al-Muntazim, (1992), Dar al-Kitb al-Ulamiyah, Beirut, Lebanon
Ibn Katheer, Beginning and End, (1990), School of Knowledge, Beirut, Lebanon, Part
Al-Humairi, Mohammed ibn Abdul Mun'im, Al-Rawz al-Mu'tar in Khabar al-Qatar, (1984), Haqqa: Ihsan Abbas, Lebanese School,
Safi al-Din, Abdul Mu'min bin Abdul Haq al-Baghdadi, Information Reference on Possible Names of Places, (2009,(
Tabataba, Muhammad ibn Ali, Al-Fakhri in the Royal Literature and the Islamic State, (Without History) Dar Al-Sadr, Beirut.
Ibn Taqtaqi, Sharif Muhammad, Original in the genealogy of the Taliban, (1318 AH), Research: Sayyid al-Mahdi al-Rajani, without nature, without place.
al-Tabari, Tarikh al-Tabari, without history, research: Muhammad Abu al-Fadl Ibrahim, without place.
Unknown author, News of the Abbasid State and News of the Abbasids, (without history), part
Al-Yaqubi, Al-Tarikh al-Aqubi (without history), Research: Abdul Amir Manha, Scientific Publishing Company, Beirut, Lebanon.
Al-Hammowi, Yaqut, Dictionary of Countries, Badun al-Tarikh, Dar al-Sadr, Beirut .
Ibn al-Wardy, Al-Tarikh Ibn al-Wardy, (1996), Dar al-Kitab al-Ulamiyah, Beirut, Lebanon.
New sources (secondary (
A. In Kurdish
Al-Malah, Hashim Yahya, Philosophy of History, (2014), translated by: Dawan Hassan, Rojhelat Printing House, Sulaimani.
Anwar, Keyvan Azad, Kurdistan and Kurds in the Middle Ages, (2015), Panjara Printing House, Tehran.

Tawfiq, Zrar Siddiq, Kurds and Kurdistan in the era of the Islamic Caliphate (16-656 AH/637-1258 AD), (2010), Rojhelat Printing House, Erbil.
Abu al-Shaban, Ahmad Awad, The Umayyad Caliphate (2013), translated by Jamil Abdullah Hussein, General Directorate of Public Libraries, Four Lights.
Abdulkarim, Salam, About Philosophy of History.... Science of History, (2009), Ganj Press, Sulaimani.
Al-Salabi, Ali Mohammed, History of the Abbasid State (2009), translated by Nihad Jalal, Narin Printing House, Erbil .
b) In Arabic
Jordanian National Monuments, Al-Hamimah.
Al-Duri, Abdul Aziz, Al-Asr Al-Abbasi al-Awwali, (1997), Al-Dar Al-Tali'a Printing and Publishing House, Beirut, Lebanon.
Hussein, Saber Mohammed Diab, The Islamic State in the Abbasid Period, (2001), Dar al-Fakr al-Arabiya, Cairo.
Vladimir, Vasily and Vinche Barthold, Turkestan from the Arab Conquest to Gaza and the Mongols (without history), quoted by Salahuddin Othman Hashim, oversight of publication: Arab Heritage Section.
Zakar, Sahl, Arab History and Islam, (1979), Dar al-Fakr, Beirut.
Al-Abadi, Ahmed Al-Mukhtar, Abbasid and Andalusian History (Without History), Dar al-Nahada al-Arabiya, Beirut.
Abdul Rahman, Mohammed Nasr and Mohammed Saqr al-Dusri, History of the Abbasid State in the First Abbasid Period, 1438 AH, King Faisal University,
Al-Ash, Yousef, The Umayyad State, (1992), Dar al-Fakr, Damascus
Atwan, Hussein, Abbasid Da'wah, Badun Tarikh, Dar al-Jamal, Beirut.
Omar, Farooq, Ba'ath in Abbasid History (1977), Dar al-Nasher al-Qalam, Beirut.
Hernshaw, Science of History, (1937), translated by Abdul Hamid Ebadi, Published by the Committee of Composition, Publishing and Translation, Cairo.
Third: Masters' Letters
in Arabic
Abd, Raghda Saadi, Abu Muslim al-Khorasani and his role in the establishment of the Abbasid state (2015), Master's degree, Khalil University.
Fourth: Magazines
A. In Kurdish

dear. Hoshmand Ali and Haider Lashkari, Religious Conflict in the Islamic World and its Impacts (First Three Centuries AH) (2024), Koya University Journal, Koya, No., Volume 7, No.

Mohammed, Omid Ibrahim and the Role of Geography as a Geopolitical Tool (2010), Historical Journal, No.

Qadir. Kamran Mohammed, The Impact of Place on the Creation of Place (2008,(

Journal of Sulaimani University, No.

Pirdawd, Hogar Hassan, Movers of History, (2010), Journal of History, No.

b) In Arabic

Rashid, Tawfiq Massoud and Ali Saad Massoud Mohammed, Abu Muslim al-Khorasani and his role in the establishment of the Abbasid state (125-132 AH), (2019), Qurtas Magazine, Jabal al-Gharbi University, Vol.

Najm Abd, Hussein Halib, The Abbasid Call from the Beginning to the Establishment of the State (100-132 AH/718-750 AD), Ahl al-Bayt, No.

Fifth: Links to sites

www.jordanhistory.org/jordan

https://www.google.com